# خۆشەویستی هاوسەری...!!

## سەروەر کەریم

یەکێك لـە ئاکامـەکان و پراکتیـك بـوونی خۆشەویـستی گەیـشتنە بـە ژیـانی هاوسـەری، ئـەو دوو مرۆڤە(نێر-مێ)، کە یەکدیان خۆشو یست سەرئەنجام زۆرینەیان دەچنە قۆناغی هاوسـەرییەوە، لەگـەڵ ئەوەی زۆرجار ئەو هاوسەر گیریە بە ئازارو ناخۆشی و لێك جیا بوونەوە کۆتایی دێت.

پرۆسەی هاوسەری (ژن و مێردایەتی) ڕەوتێکی مێژوویی هەیەو هەندێك ڕوانگـەی کـۆن، مەسـەلەی هاوسەر گیریان بەوە لەقەڵەم داوە بۆ نەفەوتانی نەسلی مرۆڤایەتی و هەندێکی تریش، هاوسەریان بـۆ چێژی سێکسی و خستنەوەی منالْ و بەخێو کردنیان، لەوەش واوەتر پیـاو کراوەتـە بکـەری سـەرەکی بـۆ هێنانی هاوسەر، وە پیاویش بەسەر گەورەی ژنان دانراوەو ئەوانیش دەبێت ملکەچی فەرمانەکانی پیـاو بن. ئەمەش بە ڕوونی لە ئایینەکان دا پۆڵێن کراوە و هەموو دەسەلأتێکیان بـە پیـاو داوە، لـە تەوراتـدا دەڵێت[1] (بە ئێش و ئازارەوە منداڵت دەبێت و بەردەوامیش مشتاقی پیاوەکەت دەبیت و ئـەویش بـە سەرتدا زاڵە)...

ئەو تێڕوانینە ئایینیە بەردەوام کاریگەری هەبووە لەسـەر پیـاوان بـۆ ئـەوەی لـە پرۆسـەی هاوسـەر گیریدا جێبەجێ بکەن و ژنیش لە ماڵەکەی دا وەك هـەر کالأیـەکی تـر سـەیر بکـات. بۆیـە سـەرەتای پرۆسەی هاوسەری لە سەردەمی دەسەلأتی ئایین دا، بە پێ ڕێنماییەکانی ئـایین جێبـەجێ کـراوە، وەك سونتێکی ئایینی ژنیان هێناوە، بەلأم دەکرێت بڵێت لەو سەردەمەدا بە شـێوەیەکی گـشتی هەڵبـژاردنی هاوسەر لەسەر بنەمای خۆشەویستی نەبووە، بەڵکو دەسەلأتێکی ڕەهای پیـاو سـالاری بـوونی هـەبووە و ئەویش بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزوە سێکسیەکانی پەنای بۆ هێنانی هاوسەر بردوە، بەشێك لە پیاوەکانی ئاین ئەوەیان ڕەت کردوەتەوە کە مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایك دەبن و دژی هەر جۆرە قسە کردنێـك بوو لە بارەی بە ئازادی لە دایك بوون، فلمەر یەکێك بوو لەوانەی زۆر بە تونـدی پەیوەسـت بـووە بـە حوکمی ئایین و یاساکانی پیاو سالاریەوە و دەڵێت[2] (1- خوا ئادەم ـ ی کردۆتە گەورەی بوونـەوەرەکانی سەر زەوی و دەسەلأتی بەسەر حەواو هەموو منداڵەکانی خۆی پێداوە.

2- مرۆڤ لە ژێر سایەی دەسەلأتێکی باوك سالاریانە لە دایك دەبێت، کەواتە ئازاد نـی یـە، ئـەوەی دەڵێت مرۆڤەکان بە ئـازادی لـە دایـك بـووە یـا ئـەوەی نـاو نـراوە ئـازادی سروشـتی خـورا فەیـەکی ڕۆمانسیانەیە، دەسەلأتی باوکیش ناو دەنێت دەسەلأتی پاشایەتی یادەسەلأتی باوك سـالاری یـا مـافی باوکایەتی، ئەوەش دەسەلأتێکە فلمەر دەڵێت(سنوردار نی یە و نـاکرێ سنوریـشی بـۆ دابنرێـت)) ئـەو دەسـەلأتە دەسـەلأتی مێردیـشە بەسـەر خێزانەکەیـەوە). بۆیـە هەرچـی قۆنـاغی یەکـەمی پرۆسـەی هاوسەریە لە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا دوور بووە لە هەستی خۆشەوستی و بگـرە، ژنـان کالأیـەکی بەرهەم هێن و چـێژ بـەخش بـوون، بـەلأم بـە دوای گۆڕانکاریـە گـەورەکانی کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی و پەرەسـەندنی زیـاتری هۆشـیار بوونـەوە، پرۆسـەی هاوسـەری لـە ڕێگـەی خۆشەویـستی یـەوە سـەر هەڵدەدات. چونکە خۆشەویستی هەر لە بنەڕەتەوە دوو لایەنەیە و هـیچ کـات ئـەو پەیوەندیـە ئەگـەر لاسەنگ بێت، واتە تاك لایەنە بێت پێی ناوترێ خۆشەویستی و پرۆسـەی هاوسـەری ڕاسـتەقینەش بـە

پێکەوە ژیان و هاوبەش بوونی خۆشەویستی دوو لایەنە دەبێت و ئەو دوو مرۆڤـە هیـچیان بـالاّ دەسـت نین بەسەر ئەوەی تریان دا.

ڕەوتی پرۆسەی هاوسەری دوور لە خۆشەویستی دوو لایەنە هەتا سەردەمی ڕێنسانس بە تونـدترین شێوە درێژەی کێشا، بەلاّم لە سەدەی (17) بـە دواوە هەنـدێک گۆڕانکـاری بەسـەر بنـەمای پرۆسـەی هاوسەر گیری دا هات. بەلاّم بەر لەوە هاوسەر گیری لەسـەر بنـەمای بەرژەوەنـدی منـاڵ خـستنەوە و چێژی سێکسی بووە و پاراستنی خاوەن دارێتی بووە. انتونی گیدنز دەڵێت[3] (لە سەدەکانی ناوەڕاست وە تا چاخەکانی لەوە دوا تا سەردەمی سەدەی حەڤدەیەم، هۆکاری بنەڕەتی بۆ خێزان پێکەوەنان بریتی بوو لە پاراستنی مافی خاوەندارێتی و هێشتنەوەی سامانی ئابوری لـە ژێـر چـاودێری بنەماڵـەدا. ئەمـە جگـە لەوەی منداڵ وەبەرهێنان و بەکار هێنانیان وەک هێزی کار لەو هاوکارە هاندەرانـە بـوون کـە دەبوونـە هۆی خێزان پێکـەوەنان). بۆیـە پێکـەوەنانی خێـزان دوور بـووە لـە خۆشەویـستی و مامەڵەیـەکی بـاوک سالاریانەی لەگەڵدا کراوە و پەیڕەو کراوە، بەلاّم لە سەردەمی ڕێنسانس دا جۆرێـک تێـڕوانین سـەری هەڵدا بۆ مەسەلەی هاوسەری لە ڕێگەی خۆشەویستی یەوە و بە دوای ئەویـشدا شۆڕشـی فەڕەنـسی و ڕۆشنگەری دیدگای نوێیان بۆ ژیانی هەستەوەری و هاوسەری هێنایـە ئـاراوە. چـونکە ئـەو گۆڕانکاریانـە هەموویان کاریگەری قوڵیان هەبوو لەسەر بیری ئایینی و دەسەلاّتی ئایینی و ڕوانینی ئاین بـۆ مەسـەلەی هاوسەری. ئەو کاریگەریەش ڕەنگدانەوەی زۆری هەیەو بـۆ مەسـەلەی هاوسـەری و دەسـت پێکردنـی قۆناغێکی نوێ بۆ پرۆسەی هاوسەری و لە چوار چێوەی خۆشەویستی داو جیـا لـە بەرژەوەنـدی تایبـەتی. گەرچی ناتوانین بڵێین بە تەواوی دوای ئەو گۆڕانکاریانە مەیلی دەسـەلاّت خـوازی پیـاو مـەیلی سـێکس کۆتایی هات و هاوسەر گیری لە سەر بنەمای خۆشەویستی بووە ڕێگا چـارەی بـێ بەرامبـەر. بـەڵکو ئـەو مەیلە دەسەلاّت خوازو سێکس خوازە دوای گۆڕانکارییەکانیش ڕۆڵـی خۆیـان هـەبوو بـۆ دیـاری کردنـی ژیانی هاوسەری و، بەشێک لە پیاوان لە ژێر ناوی خۆشەویـستی دا بـەو کارانـە هەڵدەسـتان، واتـە زۆر ترین کات هەتا سەردەمی سەرهەڵدانی خۆشەویستی ڕۆمانتیکیو تەنانەت لە سەردەمی ئـەویش دا لـە سەرەتاوە هاوسەر گیری ڕەهەندێکی سێکسیانەی هەبووە، لەگەڵ ئەوەی دامەزرێنەرانی ئەو ڕێبـازە لـە دیوێکی تـرەوە سـەیری خۆشەویـستی و هاوسـەر گریـان دەکـرد و بگـرە خۆشەویـستیان لـە دەرەوەی هاوسەرگیریدەبینی. جلال ستاری لە بارەی ڕوانگەی ئەو ڕێبازەوە دەڵێت[4] (ڕەچەشـکێنانی ئـەم ڕێبـازە لەو بڕوایەدا بوون خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەبێت لە دەرەوەی چوار چێوەی ژیانی هاوسەردا ریـەوە بێـت و ڕەنگـە باشـتریش وا بێـت لـە دەرەوەی کۆمـەڵگا و بـەدەر لـە هـەر پێوەرێکـو ڕێـوەڕەسمێکی کۆمەلاّیەتیش بێت). لەو قۆناغە بەدواوە جیاوازی دەکەوێتـە نێـوان پرۆسـەی هاوسـەری و ڕوانـین بـۆ خۆشەویستی لە ئاراستەی باوی ئایینی و پیاو سالاری دەردەچێت و دەیەوێت هەموو سانسۆرەکانی سەر هاوسەرگیری و خۆشەویستی لابچێت و تەنانەت سنوری کۆمەڵگاو خێزانیش ببـەزێنێت و پەیوەندیـەکی دوو لایەنەی سەربەخۆ وەربگرێ، چونکە پەیوەندی هاوسەری وخۆشەویستی پرۆسەیەکی سۆزداری دوو لایەنەیەو نابێت هـیچ هێـزو یاسـاو دەسـەلاّتێک دەسـت بخاتـە نـاو ئـەو پرۆسـەیەوە. هەڵبەتـە ئـەو گۆڕانکاریە پەیوەندی بە پێشکەوتنی زیاتری بیری مرۆڤایەتی یەوە هـەبوو، چـونکە زۆرینـەی تاکـەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خۆشەویستیان، بە تەنها بە سێکس دەزانی، یان بەمانایـەکی تـر لـە خۆشەویـستی

**هەر تێنەگەیشتبون و هاوسەریشیان لەبەر خاتری چێژی سێکسیی و سونەتی ئایینی و کۆمەڵایی ـدەهێناو، دوا تریش بەرژەوەندی مڵکدارێتی، کە ئەوانە هیچیان پەیوەندیان بەخۆشەویستی یـەوە نـەبوو، بگـرە ئەو دووانە (ژن و مێرد)، زۆرینەی ژیانیان بە ساردی و سڕی و بـەبێ خۆشەویـستی دەگوزەرانـد، بـەبێ ئەوەی بتوانن لەیەکدی جیاببنـەوە، چـونکە ئـەوە یاسـای هاوسـەری تەقلیـدی کۆمـەڵگا بـە سـەری دا سەپاندبوون.**

**سەرچاوەکان :**


1- تەورات – سەفەری خەڵقردن
2- جۆن لوك و ئافرەت - ن – ئیمام عبدالفتاح ئیمام – و – ئەژین عبدالخالق لا 68 – 69.
3- لە پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی – ن – ڕیبوار سیوەیلی لا 48.
4- لە پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی – ن – ریبوارسیوەیلی لا 49



Sarwar_kareem@yahoo.com
sarwarkareem@gmail.com


.